# ئێوارەی "سلێمانی و کازیوەی جیهان1"

## ڕەخنەیەك لەسەر وەرگێڕاوی گوڵبژێری شیعری شێرکۆ بێکەس




ڕەزا کەریمـمجاور

«سلیمانیه و سپیدەدم جهان» (سلێمانی و کازیوەی جیهان)، گوڵبژێرێك لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسە کە لە لایەن دەستەیەك وەرگێڕی ئەمەگناسی کوردەوە کراوە بە زمانی فارسی و پاشان شاعیری ناسراوی فارس «سەیدعەلی ساڵحی» بە وەرگێڕاوەکەدا چۆتەوە و بەپێی دەسەڵاتی هەستیارانەی خۆی شاعیرانەتری کردووە. 112 لاپەڕەی سەرەتای ئەم وەرگێڕاوە تەرخان کراوە بۆ شیعرە کورتەکانی شاعیر. وەرگێڕاوی ئەم شیعرانە تا ڕادەیەکی زۆر، جوان و شاعیرانەیە، ئەگەرچی ناوبەناو کەموکوڕیشیان تێدا دەبیندرێ، بەڵام بەگشتی توانیویەتی خۆی لە داوی بۆنی توندوتیژی وەرگێڕان دەرباز بکات و لەگەڵ خوێنەری فارسدا پێوەندی بگرێت. دیارە ئەم شیعرانە شیعرە سەرەتاییەکانی شاعیرن و زمان و پێکهاتەکەیان لەچاو شیعرە درێژەکانی دوایی (دەربەندی

پەپوولە، خاچ و مار، بۆننامە، ڕەنگدان و...) زور ساکارترە و وەرگێڕانەکەشیان ئاسانترە. لاپەڕەکانی دیکەی ئەم پەڕاوە(392ـ 113) تەرخان کراوە بۆ وەرگێڕاوی «دەربەندی پەپوولە» و «بۆننامە». هەڵبەت ئەم دوو بەرهەمە بە تەواوەتی وەرنەگێردراون و بەپێی مشووری (یان ڕەنگە دەسەڵاتی!) وەرگێڕەکان جێجێ قرتاون. جگە لەمەش وەرگێڕەکان بەو چەشنەی کە پێویستە نەیانتوانیوە پێکهاتەی پتەو و هەستیارانە و تێکچندراوی ئەم دوو شیعرە درێژە بهێننە سەر زمانی فارسی و بە جوانی بیهۆننەوە. هەروەها ئەو هەڵە ئاشکرایانەی کە تووشی هاتوون، وەرگێڕاوەکەیان بەجارێ دزێو کردووە. من نامەوێ زیاتر لەسەری بڕۆم و لێرەدا چەند وێنەیەك لەو هەڵانە (لە لاپەڕەی یەکەمی «دەربەندی پەپوولە» و بەشێك لە «بۆننامە») دەهێنمەوە. بەو هیوایەی کە ئەم وەرگێڕە بەڕێزانە لە چاپەکانی دیکەدا بەسەر وەرگێڕاوەکەدا بچنەوە و هەڵەکان (کە دیارە کەم و زۆر لە هەموو وەرگێڕاوێکدا دەبیندرێ) ڕاست بکەنەوە. نەك ئەوەی وەك ئەو وەرگێڕە بەڕێزەی لە وەرگێڕانی «حەسار و سەگەکانی باوکم»ی شێرزاد حەسەندا بەجێی «ڕەشەوڵاغ» نووسیبووی «الاغ سیاه» واتە (کەری ڕەش!). پاشان لە سەر ئەوە گەلێ لە من دڵمەند بوو!

بەڵام نموونەی دەقەکان:

1) **مامۆستا بێکەس لە سەرەتای دەربەندی پەپوولەدا دەنووسێ:**

«چ سالاوێکی نامۆیی و چ ژانێکی بەخشندەیە
وا لەسەرخۆ
بەرد بە بەردی
کێوی سەرم ئەپشکوێنن
لق بە لق و چڵ بە چڵی
دەست و پەنجەی وشکەڵاتووم
شین ئەکەن و وەك باویلکە
ئەمدەن بەدەم باڕێزەکەی ئەوینتەوە و
لە شەختەبەندانی گیانتا ئەمرسکێنن.»

لە وەرگێڕاوە فارسییەکەیدا ئاوا هاتووە:

«چە سال پرباران غریبی
چە اندوە دست و دلبازی
کە اینگونە
سنگ بە سنگ
سرم را می‌شکند، شکوفە می‌کند
و برگ بە برگ
سرانگشتان مردەام را می‌تاسد، سیاە می‌کند.
و خود همچون گیاهکی بی‌پناە
بە باد سپردە می‌شوم
تا در زمهریر زهن تو زندەگی کنم، زادە شوم.» (ل 113)

ئەگەر بێنین ئەم ڕستە فارسییانە بەگوێرەی وشەکان و ڕستەکانی شێرکۆ بکەینە کوردی، شتێکی ئاوای لێ دەر دێ:

«چ ساڵێکی پڕبارانی (سالاوێکی) نامۆ و
چ خەمێکی بەخشندەیە
کە ئاوەها

بەرد بە بەرد
سەرم ئەشکێنێ، ئەپشکوێ و
گەڵا بە گەڵا
سەرپەنجەی مردووم ئەخنکێنێ و ڕەش هەڵئەگەڕێنێ
خۆشم وەك گیایەكی بێدالدە
با ئەمبا
هەتا لە شەختەبەندانی(زمهەریری) بیری تۆدا بژیم، لەدایك بم.»

دەبینن ئەم وەرگێڕاوە شتێکی تەواو جیاوازە لە شیعرەکەی شێرکۆ. هەڵبەت گرینگ ئەوە نییە کە لق و چڵ بە «برگ: گەڵا» وەرگێڕدراوەتەوە، گرینگ ئەوەیە بۆچی (بەرد بە بەردی / کێوی سەرم ئەپشکوێنن) بووەتە (بەرد بە بەرد / سەرم ئەشکێنێ، ئەپشکوێ)؟! تەنانەت ئەگەر ئەمانەتداریشمان بۆ گرینگ نەبێ، خۆ دەبێ ئێمەی خوێنەر گوێمان لە شتێکی شاعیرانە و هەستبزوێن بێ. «بەرد بە بەرد سەرم ئەشکێنێ» کوێی هەستبزوێنە؟

2) **لە لاپەڕەی یەکەمی بۆننامەدا شاعیر دەڵێ:**

«بۆنی منداڵییم.. چون بۆنی کارژۆڵەیەك، پەلکەگیایەك
چون بۆنی دەنکە چوالەیەك
هەر زوو تێکەڵ بە بۆنی گریانی دایکم و
بۆنی لاواندنەوەی تەڕ و
بۆنی گڵگەچی ژوورێکی کەسیرە بوو
بۆنی شەو بۆنی ترسێکی زستانە بوو
بۆنی بۆیرشی تەنیایی و بۆنی ئێوارەی هەژاریی
هەر زوو تێکەڵ بە بۆنی تیژی کەساسیی و
بۆساردی لێفەی ڕێزاڵ و
خەونی پەرتی ژیانم بوو.»

لە فارسییەکەیدا ئاوا وەرگێڕدراوە:

« بوی کودکی
بوی خواب
بوی گیاه و
دانەی بادامبُن.
چە زود میامیزد، درمیامیزد
ئامیزەی گریەها و لالایی مادرم،
ئامیزەی عتر نمناك خانە و
بوی شب
بوی ترسی زمستانە و زمهریر،
بوی نمور خلوت من و
غروب غمگرفتەی من.
چە زود با هرچە بودن من درامیخت
از بوی بیباور زندەگی
از بوی تندِ تنهایی بزرگ

از بوی خرت و پرت چیزی که زندگی‌ست.» (ل 266 ـ 265)

ئه‌م ڕستانه ئه‌وه‌نده شێواو و شپرزه‌ن که‌س تێی‌ناگات. من وشه به وشه ده‌یکه‌مه کوردی و ئێوه مه‌به‌ست و ماناکه‌ی شاعیری لێ هه‌ڵکرێنن:

«بۆنی منداڵیی
بۆنی خه‌و
بۆنی گیا و
بۆنی دارچواله.
چ زوو تێکه‌ڵ ده‌بێ، تێکه‌ڵ ده‌بێ
تێکه‌ڵی گریان و لایه‌لایه‌ی دایکم،
تێکه‌ڵی عه‌تری ته‌ڕی ماڵ و
بۆنی شه‌و
بۆنی ترسێکی زستانه و زمهه‌ریر،
بۆنی ته‌ڕی ته‌نیایی من و
زه‌رده‌په‌ڕ خه‌ماویی من.
چ زوو له‌گه‌ڵ هه‌موو هه‌بوونی من تێکه‌ڵ بوو
له بۆنی بێ‌بڕوای ژیان
له بۆنی تیژی ته‌نیایی گه‌وره
له بۆنی ورده‌مرده‌ی شتێك که ژیانه.»

3) **شێرکۆ ده‌نووسێ:**

«به‌فر ئه‌ڵێ
حیکایه‌تی سپیی ئه‌ڵێ» (ل5)

له فارسییه‌که‌یدا ئاوا هاتووه:

«برف از قول افسانه می‌گوید.» (ل266)

واتا:

«به‌فر له زمانی ئه‌فسانه و حیکایه‌ته‌وه ئه‌ڵێ»

به‌ڵام به‌فر بۆخۆی حیکایه‌ت و ئه‌فسانه ده‌ڵێ... نه‌ك له زمانی ئه‌فسانه‌وه، به‌ڵکو له زمانی خۆیه‌وه.

4) **شێرکۆ ده‌نووسێ:**

«کۆنترین دووکه‌ڵ، دووکه‌ڵی مانگه‌شه‌وێکی ته‌واری بێوه‌ژن بوو
یه‌که‌مین بۆن له‌و تریفه سووتاوه‌وه، له بۆکرووزی ئه‌و ده‌نگ و
ڕه‌نگه‌وه، له بۆسۆی ئه‌و کراسه‌وه گه‌یشته که‌پووی منداڵییت.» (ل6)

له فارسییه‌که‌یدا ئاوا وه‌رگێڕدراوه:

«مهتاب شب بیوه‌زن را
ئاهی کهنسال در پی است.
ئاه مهتاب شب بیوه‌زن!
و بوی سوختن
نخستین عتر ئاشنای تو بود
به ایام کودکی.» ( ل 267)

که ئه‌گه‌ر وشه به وشه بیکه‌ین به کوردی، ئاوای لێ دێ:

«تریفەی شەوی بێوەژن
ئاخێکی کۆنی بە دواوەیە
ئاخی تریفەی شەوی بێوەژن!
بۆنی سووتانیش (بۆکرووزیش)
یەکەم عەتری ئاشنای تۆ بوو
لە سەردەمی منداڵییدا.»

5) **شێرکۆ دەنووسێ:**

«یەکەم گۆرانیی بۆنخۆشی ئەم بۆننامەیە
بۆ تەوارێکی بێوەژن ئەڵێم.»

لە وەرگێڕاوەکەدا هاتووە:

« خوش‌بوترین ئاواز این رسالە را
برای نوزاد بیوەزنی می‌خوانم.» (ل270)

واتا:

«بۆنخۆشترین گۆرانیی ئەم بۆننامەیە
بۆ کۆرپەی بێوەژنێك ئەڵێم»

6) **شێرکۆ دەنووسێ:**

«بۆنی کۆڵانە گولەکان.. لە ساڵی ڕشانەوەدا..» (ل24)

لە وەرگێڕاوەکەدا وشەی «گول» کە نەخۆشیی خۆرە یان پیسییە، بە «گوڵ» لێکدراوەتەوە و نووسراوە:

« بوی گُل مردە در سال استفراغ.» (ل289)

واتا:

«بۆنی گوڵی مردوو لە ساڵی ڕشانەوەدا»

7) **شێرکۆ دەنووسێ:**

«چیرۆکی ئەو تەوارە بێوەژنەی دوای هەڵۆکەی مێردی
بوو بە هاوسەری برسێتی و بۆسۆی تەنیایی و نائومێدیی
لە سنگی داچەقاوێوە گەیشتە کەپووی ئەم بۆننامەیەیش» (ل43)

لە وەرگێڕاوەکەدا هاتووە:

«رسالەی رایحە را کودکی نوشت
کە از گرسنگی‌ها گدشتە بود.» (309)

واتا:

«منداڵێك ئەم بۆننامەیەی نووسی
کە لە برسێتیی تێپەڕیبوو»

نازانم ئەو بەڕێزانە چۆن و بەپێی چ زانیارییەك گەیشتوونەتە ئەم شتە!

ئەم هەویرە ئاوێکی زۆر هەڵدەگرێ. ئەگەر بمەوێ بە وردی لێی‌بکۆڵمەوە، دەبێ هەموو ڕستەکان بنووسمەوە و ئاڵوگۆڕێکی گشتی بەسەریاندا بهێنم. من وێنەیەکی تر دەخەمە بەرچاو و وتارەکەم تەواو دەکەم:

8) **شێرکۆ دەنووسێ:**

«بە قاڵدرمەی ڕاکردوودا بەرەو هەوراز سەرئەکەوی
بەلای ڕاستدا لائەدەیت و لەبەر دیواری مەڕمەڕدا ڕائەوەستی

- ڕۆژ باش «ستڕن بێری» ڕۆژ باش!
هەموو بەیانییەك سەعات هەشت و چارەك تۆ ئەیبینی
ستڕن بێری لە هەمان شوێندا وەستاوە: شەپقەیەكی ڕەشی
قوچ و لە ژێر قەراغی شەپقەدا دوو سكڵی تەماشای
تیژ و گەش و لە خوارتریش بەدوولادا سمێڵێكی بادراوی
نووكباریك و بە چواردەوریا ژنەكانی و نامەكانی
ئەویندارى و چەند لاپەڕەیەكی دەستنووسی شانۆكانی.
هەموو ڕۆژێ تۆ ستڕن بێری ئەبینی لەو ئاستەدا،
بۆنی سەدەی نۆزدەهەم و بۆنی شانۆی «ژووری سوور» و
بۆنی قژی وشەكانی و بۆنی شووشەی مەرەكەب و پەڕەموچ و
بۆنی هونەر، بۆنی قەیفەی پەردەی ئەستوور، بۆنی
خۆشەویستیی ئەكەیت. هەوای شانۆ هەڵئەمژی. تۆ
ئەدوێیت و ستڕن بێری تێت ناگا. لەو كاتەدا هەردوو چاوت
ئەنووقێنی و ئەچیتەوە بۆ لای «نالی»:
نە كڵاوو نە دەم و چاو، نە سمێڵ و نە قەڵەم و
نە وێنەیەكی حەبیبە و نە دوو دێری بەجێماو و
نە مێژووی ڕۆژی زایین و نە ڕۆژی كۆچ و مردن و
كێل و گۆڕی گۆڕستان. بزربزر چون ئاخەكانی
شارەزوور.. بزربزر وەك نیشتمان!
تۆ ئەو ساتە بۆنی تیژی نائومێدی و
بۆنی پرسە و بۆنی كەساسیت لێوەدێ.» (ل63-62)
لە وەرگێڕاوە فارسییەكەدا ئەم بەشە بەم جۆرە وەرگێڕدراوە:
« از این پیچ كە بگذری
كوچە بە كوچە پیش می‌روی
بە راست می‌پیچی
مقابل دیوار بلند مرمر و واژە:
- صبح بەخیر نویسندەی عزیز!
و تو هر بامداد
بە تندیس بی‌تكان او سلام خواهی كرد
و خواهی دید كە بوی سدەی نوزدهم میاید
بوی واژە، بوی نوشتن
بوی مُركب تازە و ترانەای
كە از دوست‌داشتن سخن می‌گوید.
با او چە می‌گویی تو؟
او نە می‌شنود، نە سخن می‌گوید
زبان تو را
تنها نالی بزرگ می‌فهمد
از اینجا دور است نالی

نه کلاه داشته، نه شنل
نه روز تولد
نه روز مرگ
نه روز کوچ و نه سنگ مزار!
کُردستان دورتر از این است
که ئاوازهای حبیبه را بشنوی!» ( ص 330 ـ 329 )
ئەگەر ئەم کۆپلە وشە بە وشە بهێنینە سەر زمانی کوردی، ئاوای لێ دێ:
«کە لەم پێچەوە تێپەڕی
کۆڵانەو کۆڵان ئەڕۆی
بە لای ڕاستدا لا ئەدەیت
لەبەر دیواری بەرزی مەڕمەڕ و وشەدا:
ـ بەیانیت باش نووسەری خۆشەویست!
تۆ هەموو بەیانییەك
سڵاو ئەکەی لە پەیکەرەی بێخوستی ئەو و
ئەبینی بۆنی سەدەی نۆزدەهەم دێ
بۆنی وشە، بۆنی نووسین
بۆنی مەرەکەبی تازە و گۆرانییەك
کە باسی خۆشەویستی ئەکا
چی پێ ئەڵێی تۆ؟
ئەو نە ئەبیسێ و نە ئەپەیڤێ
هەر «نالی» گەورە
لە زمانی تۆ ئەگا
لێرەوە دوورە «نالی»
نە کڵاوی بووە، نە پاڵتۆ
نە ڕۆژی زایین
نە ڕۆژی مردن
نە ڕۆژی کۆچ و نە کێل!
کوردستان دوورتر لەوەیە
کە گوێت لە گۆرانییەکانی حەبیبە بێ!»
سەیر ئەوەیە بۆننامە و دەربەندی پەپوولە کە چەند ساڵ لەمەوبەر لە لایەن «محەمەدرەئووفی مرادی»ەوە هاتبوونە سەر زمانی فارسی، سەرەڕای ئەو ڕەخنانەی لەسەریانە، زۆر لەم وەرگێڕاوە نوێیە باشتر بوون. ڕەنگە بە هۆی زۆربوونی کابانەکانەوە چێشتەکە ئاوا سوێر بووە! هیوادارم ئەو خۆشەویستانە کە دەزانم ئەرکێکی زۆریان لە پێناو ئەم وەرگێڕانەدا کێشاوە، جارێکی تر بە وردی پێیدا بچنەوە. چونکە بەڕاستی حەیفە ئەو شیعرە جوان و ناسکانەی مامۆستا شێرکۆ بە هەڵەو بە قەڵەمێکی نەزۆك وەرگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر. زمانێك کە جێگەی هەیە و ئەگەر وەرگێڕ دەسەڵاتی بە سەریا هەبێ، دەتوانێ زۆر پوخت و پاراوتر پێی بنووسێ.

**پەراوێز:**

1ـ سلیمانیە و سپیدەدم جهان، گوڵبژێری شیعری شێرکۆ بێکەس بە فارسی، وەرگێڕاوی محەمەدرەئووف مرادی، مەریوان هەڵەبجەیی و ئەمان جەلیلیان، هۆنینەوەی سەیدعەلی ساڵحی، تاران، پەخشی نگاە، زستانی (1385ی هەتاوی 2007).